# ئاشنا بوونێک بەجۆن لوک

پەشێو سەباح

فەیلەسووفێکی مەزنی ئینگلیزییە.لەنێوان ساڵەکانی (١٦٣٢-١٧٠٤)ژیاوه لە شاری(رنگتۆن) لە ئینگلتەرا لەدایکبووه. لە تەمەنی لاوێتیەوە زۆر هۆگری زانست بووەو بایەخی پێداوە لە تەمەنی لاوێتیدا بە ئەندامی ئەنجومەنی شاهانە هەڵبژێردرا لەوێدا دۆستایەتی لەگەڵ زانای داهێنەر (ئیسحاق نیوتن) پەیدا دەکات،



جۆن لوک

بەڵام ئەوکاتە گۆڕانکاری گەورە لەژیانی جۆن لوک ررووده‌دات کە ئاشنایەتی لەگەڵ بیرمەندی ئازادیخواز (ئایرل شافتبیر)ی پەیدا دەکات. بەهۆی چالاکییە سیاسییە ئازادییەکانییەوە تووشی ئێش و ئازارو چەوساندنەوە دەبێت تا بەو رادەیە گەیشت کە (شارل شای دووەم) بیخاتە زیندانەوە، لەپاشان هەڵات بۆ

هۆڵەندا جۆن لوکیش کە پەیڕەوی ڕێبازەکەی ئەوی دەکـــرد ئەویش بەدوایدا بۆ هۆڵـەندا دەچێت. ئەو بەرهەمەی کە بووە هۆی ناوبانگ دەرکردنی بریتییە لە (وتارێک دەربارەی هۆشی مرۆڤ) کە بەیەکێک لە گرنگترین کتێبی فـەلسەفی دەژمێردرێت و لە ڕەچەلـەکی ســــروشت و سنووری زانیاری دەدوێت. ئەو تێـــڕوانینانەی کـــە هەیەتی زیاتر لەســــەر ڕاهێـنـانێـکی ڕاست و ڕەوانــە، بــەئــاشــکــرا کـاریگەری (فـرانـسـیس باکــــۆن و دیکارت) لە بیـروڕاکـانی دیارە، بەڵام لـــەدواتـــردا زۆر لـــە بیـرمـەندان ڕێبـازی جـۆن لوکیـان گرتەبەر لەوانەش (جـۆرج بارکلی و دیڤـیـد هیوم و ئیمانوئێل کانت).

لـــەبـــارەی هـــزری سیـاسـیـیـەوە جـۆن لوک دەڵـێت بـۆچی مــــرۆڤ کۆمەڵگای سیاسی (مەدەنی) دروست دەکات ؟ کە ئەمـەش هەمـان پرسیـاری (تۆمـاس هـۆبز)ە، بەڵام ئەوەی کە جۆن لوک پێیدەگات زۆر جیاوازە لەوەی هۆبز پێیدەگات. لوکیش هەر لەسەر هەمان بنەماو گرێمانەکانی هۆبزەوە دەستـیـپێکرد واتە ویست و یارمـــەتی وەرگـــرتن لە عـــەقڵ لە پێکهـــێنانی کـۆمـەڵگای مـەدەنی لەسـەر بنچینەی پاراستنی گیـان، بەڵام بەپێچەوانەی هۆبز لەبری حکوومەتی دەسـەڵاتخـواز گـەیشـتـە حکومـەتی سنووردارو دەستووری. جۆن لوک وای بیـردەکردەوە کە بنەماو گـرێمانەکـانی هۆبز لەگـەڵ ئەو دەرئەنجـامـەی کـە پێیگەیشتووە یەکناگرنەوە. بۆچی دەبێت گرێبەستی کۆمەڵایەتی تاکەکان ببێتە هۆی سەقامگیرکردنی فەرمانڕەوایەک کە خەڵکی کریت ڕۆڵیان بەسەریدا نەبێت؟ عەقڵ وا فەرمان دەکات کە دەسەڵاتداریک بەدەســەڵاتی مــەرجـدارو سنووردار بخولقێنن.جـۆن لـوک دەڵـێت: مــــــرۆڤ بەرلەوەی کە بچێت بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی سەرەتا لە ڕەوشی سروشتـیـیـەوە دەسـتـپـێدەکـات و دواتر بەپێی قـۆناغ و ســەردەم بەرەو کــۆمـــەڵگایەکی مـــەدەنی دەچێت، بەڵام لـوک بڕوای وایە ژیان لە دۆخی سـروشـتـیـدا، واتە حـــاڵـەتی جـــەنـگ و ملمـلانێی هەمـیـشـەیی تەنیا لەنێوان ئاژەڵان بەدی دەکرێت. دۆخی سروشتی مرۆڤ ئەوەیە کە هەر کەس



**مۆنتیسکۆ**

بەسـەر نەفسی خۆیدا زاڵ بێت .مرۆڤـەکـان ئازادو یەکـســانـن و لە چوارچێـوەی یاسـای سـروشـتی بەئاشتییەکی ڕێژەیی لە پاڵ یەکتریدا دەژین. ئەوان دەسـەڵاتێکی بەرزتریان لە سەرووی خـۆیان نیـیـە، بەڵام بەشـێـوەیەکی گـشـتی بەپێی عـەقڵ و ویژدان پەیڕەوی لە یاسـاکـانی سـروشت دەکـەن. یاسـای سـروشـتی هەندێ پرەنسـیـپی وەک مـافی ژیان، ئازادی، خاوەندارێتی دەگرێتەوە ئازادی مرۆڤەکان تا ئەو شـوێنەی کە دژ بەیاساکانی سروشت نەبێت دەتوانێت پەرە بسێنێت. ئەم ئازادییە تەنیا بەعەقڵ

سنووردار دەکرێت. هەر عەقڵیشە کە مرۆڤەکان بۆ پەیڕەوکردن لە یاسای سروشتی بانگهێشت دەکات. ملکەچ نەبوون بۆ عەقڵ و بانگەشەی ئازادی بێ سنوورو هەنگاونان بەرەو بواری زێدەخوازی و بەرەڵایی لەگەڵ جەوهەری مرۆڤدا ناگونجێت و ئەم بوونەوەرە بەرەو قەڵەمڕەوی ئاژەڵەکان پاڵ پێوەدەنێت. بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی تۆماس هۆبز مرۆڤ لێرەدا نابێتە گورگی مرۆڤ و ژیان بریتی نییە لە توندوتیژی و گۆشەگیری و شەڕانگێزی، بەڵام کەموکوری بارودۆخی سروشتی ئەمانەن، نەبوونی دادوەرێکی بێ لایەن، یاسای نووسراو، نەبوونی هێزێک بۆ جێبەجێکردنی یاسای سروشتی. هەر بۆیە هەندێ لە مرۆڤەکان حەزدەکەن کە خۆیان بەسەر کەسانی دیکەدا زاڵ بکەن. هەر ئەم بارودۆخەش هۆکارە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لە کۆمەڵگای سروشتی بچێت بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی، کەوابوو تاکەکان دەچنە ناو گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییەوە و ڕەوشێکی مەدەنی دەخوڵقێنن . پاشان ئەم کۆمەڵگا مەدەنییە وێڕای بەستنی گرێبەستێک لەگەڵ دەسەڵاتدار بۆ نەهێشتنی کەموکورییەکانی سەرەوە (کۆمەڵگای سروشتی) حکوومەتێک پێکدەهێنێ. ئەم حکوومەتە مەرجدارو سنووردارە و وەک ئەمانەتداری کۆمەڵگای مەدەنییە نەک ئەوەی کە هاوڕێی بێت، یان بەسەریدا دەسەڵاتدار بێت.



**توماس هۆبز**

کەوابوو هەنگاونان بەرەو ڕەوشی مەدەنی بەشتێکی پێویست دادەنرێت. بۆ دەربازبوون لە ڕەوشی سروشتی مرۆڤەکان دەبێ ملکەچی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی بن کە یەکگرتوویان بکات و بەرەو ڕەوشی مەدەنی بەرزیان بکاتەوە. ئەم گرێبەستە پەیمانێکە لەگەڵ هەموو کەسێکدا. ئەم گرێبەستە بەپێچەوانەی ئەو گرێبەستەی کە هۆبز دەڵێت پەیمانێک نییە کە هەر کەسێک بەوی تری بڵێ (من مافی دادوەریکردن لەمەڕ ئاسایشی خۆم بەفلانە کەس، یان فلانە کۆمەڵە دەسپێرم دەبێ تۆش کارێکی لەم جۆرە بکەیت). ئەو پەیمانەی کە لوک باسی دەکات کۆمەڵگایەکی مەدەنی دروست دەبێت و بۆ سەقامگیرکردنی حکوومەت پێویست بەگرێبەستی دووهەمیش دەکات. لە گرێبەستی دووەمدا کۆمەڵگای مەدەنی ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی بۆ تاکەکەس، یان گرووپێک دەگوازێتەوە. بەم جۆرە بەپێچەوانەی بۆچوونی هۆبز کە کۆمەڵگای مەدەنی و حکوومەت لە یەک جێ و لە یەک ساتدا دروست دەبێت، لەو گرێبەستەی کە لوک مەبەستییەتی مرۆڤ هەندێک لە ئازادییەکانی لە دەست دەدات، بەڵام ئەم بەشە لە ئازادییەکانی

خۆی گەرەنتی دەکات کە ماونەتەوە. هەروەها هەندێ لە مافەکانیشی لەدەست دەدات، بەڵام هەندێ لە مافەکانی کە ماونەتەوە گرەنتی ژیانی دەکەن. کەواتە تاکێتی خۆیان دەپارێزن و حکوومەت لێرەدا رۆڵی پاریزگاریکردن لە موڵکیان واتە هەرچی کە موڵکی ئەوانە وەک ژیان، ئازادی، دارایی دەبینێت. جگە لەمانە تاکەکان چاودێری دەسەڵات دەکەن و لە حاڵەتی پێویستدا دەتوانن خراپ بەکارهێنانەکانیان و زیادەڕەوییەکانیان کۆنترۆڵ بکەن، واتە دەسەڵات دەبێت مەرجدار بێت و سنوورەکانی خۆی بزانێت. لەمەش زیاتر هەر کاتێک حکوومەت و دەسەڵاتداران رەفتارێکی دیکتاتۆرانە و نادادپەروەرانە بگرنەبەرو دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی گروپی دەسەڵاتدار بەکاربهێنن، واتە بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسی هەوڵ بدەن و بەرژەوەندی گشتی بەلاوەبنێن و دەستدرێژی بکەنە سەر مافەکانی هاوڵاتیان و یاساو ریساکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربهێنن و گوێ بەڕای زۆرینە نەدەن ئەوا تاکەکان دەتوانن شۆڕشیان بەرامبەر بەرپا بکەن و بیانگۆڕن کەسانی شایستە لە جیگایان دابنێن، بەڵام دەبێ بەرەزامەندی هەموو تاکەکان بێت (هەمان رای گشتی سەردەمی ئیستا). کەواتە تاکەکان نە بەشێوەیەکی تەواو لە کۆمەڵگادا تواونەتەوە، نە بەتەواوەتی فەرمانبەری دەسەڵاتن، بەڵکو ماوەیەک لەنێوان خۆیان وکۆمەڵگاو حکوومەتدا دەپارێزن. لەراستیدا ئەوان بوارێکی تایبەتی کە قابیلی بەخشین و دەستدرێژیکردن نییە، دەپارێزن و دەتوانن لەبەرامبەر ئەگەری خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتدا بیپارێزن. بەم شێوەیە بوو کە بنەمای جیاوازی نێوان بواری تایبەتی وکۆمەڵگای سیاسی بونیادنرا. هەرچەندە کۆمەڵگای سیاسی بۆ پلراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی تاکەکان بەپێویست دەزانرێت، بەڵام لەراستیدا جگە لە ئامرازێک چیتر نییە و دەبێ زەمینە برەخسێنێت بۆ تاکەکان تاوەکو تواناکانی خۆیانی تیادا تاقی بکەنەوە. ئاشکرایە ئەم خاڵە تۆوی مۆدێرنەی سیاسی لە هەناوی خۆیدا هە ڵگرتووە و لە دوو بواری سەرەکیدا واتە موڵکایەتی و دیندا بەکارهێنراو لە هەردوو بوارەکەشدا مافەکانی تاک بەڕوونی سەلمێنرا. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە جۆن لوک تیروانینێکی تازەو نوێی بۆ موڵکداریەتی هێنایە پێشەوە. لە دیدگای لوکدا وشەی موڵکداری وەسفی موڵکایەتی هەموو شتێکی مرۆڤ واتە ژیان، دارایی، ئازادییەکان دەکات. کەوابوو مرۆڤ بەموڵکداری خۆیی و کردارەکانی خۆی دەژمێردرێت. لوک موڵکایەتی داراییەکان و سامان لەسەر بناغەی تاک، یان ورتر لەسەر کارەکانی دادەمەزرێنی. لە کاتێکدا موڵکایەتی لای (رۆسۆ و هۆبز) دەبێ بەدەستی دەوڵەت بێت و موڵکایەتی لە دەرەوەی دەوڵەت بوونی نییە. لەراستیدا هەرکەس خاوەن مافێکی تایبەتە سەبارەت بەخودی خۆی، کارکردن دەرئەنجامی جەستەو هەروەها بەرهەمی دەستەکانیەتی، لێرەدا بەدارایی ئەو دەژمێردرێن. کەوابوو هەرچییەک بەرەنج و زەحمەت لە دۆخی سروشتیدا بەدەستی هێناوە موڵکی خۆیەتی. تاک موڵکایەتی لە دەسەڵاتی حوکمڕانەوە وەرناگرێت، بەڵکو بەهۆی هەوڵ وکاری تایبەتی خۆیەوە بەدەستی دەهێنێت. لێرەدا موڵکایەتی بەمافی سروشتی تاک وەک دروستکەری ئەو موڵکایەتییە دەژمێردرێت. لەبەرئەوەی پەیوەست نییە بەدەوڵەتەوە، یان حکوومەتەوە موڵکایەتی شتەکان بریتییە لە گواستنەوەی شتەکان لەبواری هاوبەشەوە بۆ بواری تایبەتی لەرێگەی کارەوە بەم شێوەیە جون

لوک بەسەندنی موڵکایەتی لە دەستی دەسەڵاتی فەرمانرەواو بە ستنەوەی بە کاری تاکەوە، جیابوونەوەی بواری سیاسی و بواری تایبەتی کردە شتێکی پراکتیکی و سەربەخۆی تاکی لە بەرامبەر دەولەتدا راگەیاند.. دیدگاکانی جۆن لوک لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دژایەتی حکومەتەکانی سەردەمی خۆی کردووە کە بەسەپاندنی باجی جۆراو جۆر خەڵکیان دەرووتاندەوە. بەرگریکردنی لوک لە موڵکداریەتیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژییەکانی یاساو ئارستۆکراتییەکان بووە و لوک لەراستیدا بەرگری لەم پرەنسیپە کردووە کە ئەو کە سانەی کە باج دەدەن دەبێ لە ریکخستنی سیاسی کۆمەلگا و مافی دەنگدان بەشداربن.لوک بەو جۆرەی کە لە عەقلانیبوونی هەموو تاکەکان دەستی پێکرد بوو لە ئەنجامدا دەگاتە دووجۆرە عەقلانییەتی جیاواز.

**یەکەمیان**: عەقلانییەتی ئەو کەسانەی کە خاوەن دارایین وئەویتر عەقلانییەتی ئەو کەسانەی کە خاوەن دارایی نین. ئەنجامگیری ئەو ئەمەیە کەهەر چەندە کرێکاران بەشێکی پێویستن لە ئەندامانی کۆمەڵگای سیاسی، بەڵام بەئەندامی تەواوی ئەم کۆمەڵگایە لە قەڵەم نادرێن. کۆمەڵانی کرێکارانی هەژار ناتوانن خاوەنی ژیانێکی ئەخلاقی تەواوبن. ئەم بۆچوونە لەسەردەمی لوکدا بۆچوونێکی باوبوو. لوک لەو باوەڕەدایە، چونکە کرێکاران لە رەوشێکی وەهادان کە دەستیان ناگاتە دەمیان کەوابوو ناتوانن بەدروستی بیربکەنەوە یان بچنە ناوکاری سیاسییەوە(جگە لە حاڵەتی دەگمەن نەبێت کە ئەویش دۆخی یاخیبوونە) جۆن لوک کە باوەڕی بەمافی شۆڕش هەبوو لەم جۆرە بۆ کرێکاران بەڕەوا نازانێ لوک لە ریزی ئەو کەسانەیە کە لەو باوەڕەدایە لەو جێگایەی کە دەستەکان لەگەڵ دەسکەبێڵ و دەسکەگاسن لە پەیوەندیدان، سەر ناتوانێت بۆ بیرکردنەوە دەربارەی چەمکە پاکیزەکان جێگایەکی زۆری هەبێت ئەم بۆچوونەش پێچەوانەی پێشبینیەکەی (کارل مارکس)ە کە پێی وایە داهاتووی مێژوو بۆ چینی کرێکارانەو ئەوان پێشرەوی شۆڕش وگۆڕانکاری کۆمەڵگا دەکەن و لەدوای چەندین قۆناغ کۆمەڵگایەکە بێ چین و توێژ دروست دەبێت.

هەر بۆیە زۆرجار بیرمەندان جۆن لوک بەیەکەمین بیرمەندی لیبرالیزم دادەنێن. ئەم بۆچوونەش پشت بە دوو بەڵگە دەبەستێت :یەکەم، ئەوەی کە ئەو هزری دەستوورگەرایی لە نەریتی رابردوو جیاکردەوەو بەو جۆرەی کە لەناو هزری رۆمی و سەدەکانی ناوەڕاست لە ئارادابوو لەسەر بنەمای گرێبەستی کۆمەڵایەتی بنیاتی نا. لوک لەسەر ئەم بنەمایە پاساوی دەهێنایەوە بۆ پرەنسیپەکانی دەستوورگەرایی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی عەقلانی و خود رێسایەو دەتوانێ لە رووی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییەوە بجولێتەوەو هەڵبژێرێت.

**دووەم**: ئەوەیە کە لوک زەمینەی خۆشکرد بۆ باسێکی جدی دەربارەی چەمکەکانی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، پاشایەتی دەستووری و رێسای زۆرینە. هزری لوک لە نەریتی لیبرالیزم بەردەوام بووەو گەشەی کرد ئەم بەڵگەیە لە ناخیەوە سەربهەڵدا کە مرۆڤەکان وەک بوونەوەرێکی عەقلانی بۆ گەران بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە کۆمەڵگادا خەریکی هەوڵ و رکابەرین.

هەروەها لە کتێبێکیدا بەناونیشانی (پەیامێک لە بارەی لێخۆشبوونی ئایینیەوە )زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەوڵەت نابێت دەست وەربداتە کاروباری ئایینەکانەوەو تەنانەت دەیگوت نابێت موسڵمان و جوولەکە و بتپەرستەکان ئاوارتە بکرێن

لە مافە سروشتییەکانیان بەهۆی ڕێبازگەیانەوە.بەشێوەیەکی گشتی بڕوای وابوو کە ئایین شتێکی ویژدانییە و تایبەتە بە پەیوەندی مرۆڤ بە خواوەندەوە و بڕوای وایە کە حکومەت نابێ ئایین بۆ تاکەکەسان دیاری بکات، بەڵام لە بەرئەوەی پارێزەری بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیەکانی خەڵکە. تاکەکان پێویستە ئازادییەکی تەواویان لە بیروباوەڕی ئایینی و ئەخلاقی هەبێت، هەروەها لەدیدی لوکدا کەنیسە و دەوڵەت بەهۆی سروشت و ئامانجەکانییانەوە لەیەکتری جیاوازن. دەوڵەت دەزگایەکە بە سروشتێکی ماددی و ئەم دنیایەوە کە تەنیا ئامانجی ماددی و دنیایی بەهۆی ئامرازی ماددی و دنیایی بە دیدەهێنێت. دەسەڵاتی سیاسی تەنیا سەرقاڵی ئەو مەسەلانەیە کە پەیوەندی بە شتە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانەوە هەیە و نابێت سەرقاڵی مەسەلە مەعنەویەکان بێت. دین نە پەیوەندی بە دەوڵەتەوە هەیە نە بە حکوومەتی مەدەنییەوە. لەڕاستیدا دەسەڵاتی سیاسی لە شتە مەعنەوییەکان دەسەڵاتی نییە لێرەدا ناتوانێ لەم بوارەدا هیچ کارێک بکات. لە لایەکی دیکەشەوە کەنیسەش کۆمەڵگایەکی ئازادەو سەربەخۆیە، چونکە هەر مرۆڤێک بەشێوەیەکی ئازادانە دین و کەنیسەی هەڵدەبژێرێ. بۆیە دین و مەزهەب لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتدایە و تەنیا پەیوەندی بە تاکەوە هەیە. لەو قسانە ئەو دەرئەنجامە وەردەگرین کە دین بە تەواوەتی سەربەخۆیەو کەنیسەش لە دەسەڵاتی سیاسی ڕزگاری بووە.کەوابوو دەسەڵاتی سیاسی ناتوانێت دین، یان باوەڕیک بسەپێنێت، یان قەدەغەی بکات. سەرەڕای ئەمانەش ناتوانێت دەست لە مەسەلەی بنەماکانی ئایین ونەریتە دینیەکان وەربدات کەواتە دەوڵەت و کەنیسە سنووری خۆیان هەیەو نابێت تێکەڵ بکرێن، هەروەها لوک لەم بارەیەوە رەخنەی توندی ئاراستەی زانایانی ئایینی مەسیحی دەکات وداوایان لێدەکات واز لەم شتانە بهێنن کە بە درێژایی مێژوو خراونەتە سەر ئەم ئایینە. ئەم بیرو باوەڕانەش لەدواتردا بوونە سەرچاوەی چەندین گۆڕانکاری و چاکسازی و وشیاربوونەوەی خەڵکی لە بەرامبەر پیاوانی ئایینی کە لەو سەردەمەدا هەموو ماف و بەرژەوەندییەکانیان بۆ خۆیان کۆنترۆڵکردبوو و خەڵکیان دەچەوساندەوەو ڕێگربوون لەبەردەم داهێنان وپێشکەوتن وبیروڕای جیاوازیان قبووڵ نەدەکردوو، چونکە خۆیان بەنوێنەری خودا دەزانی لەسەر زەوی و دەیان گوت دەبێ کە خەڵک ڕێزیان لێبگرن و نابێ هیچ شتێک بێ ئەوان بکەن مەبەستیش لەم کارانە تەنیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بوو تەنانەت چەندان فەیلەسوف و بیرمەندیان سووتاند، یان دەیان کوشتن لە بەردەم چاوی خەڵکی، چونکە مەبەستیان بوو کە خەڵکی وشیار بکەنەوەو لەم زوڵم وزۆرداریە ڕزگاریان بکەن هەر بۆیە سەدەکانی ناوەڕاست بە سەدە تاریکەکان ناسراوە، چونکە نووقمی زوڵم و زۆرداری بووەو کۆمەڵگا لە دۆخی دۆگمایی و چەقبەستوویی وەستاوە، بەڵام پیاوانی کڵێسا هەمیشە دەیانویست کە بارودۆخەکە هەر وەک خۆی بمێنێتەوەو کۆمەڵگا هەر بە دوواکەوتووی و جاهیلی بمێنێتەوە. لێرەدا بواری باوەڕو ویژدانی فەردی ومەسەلە مەعنەویەکان سەلمێنرا.جۆن لوک بە ڕاگەیاندنی ئازادی شەخسی لە مەسەلە دینییەکاندا و بەسەربەخۆیی کەنیسە لە دەوڵەت، لەڕاستیدا تاک ودینی لە کۆمەڵگای سیاسی ودەسەڵات جیاکردەوە.لەڕاستیدا لوک لێرەدا ڕێک وەک مەسەلەی موڵکایەتی، بە جیاکردنەوەی سیاسەت لە دین ،جیابونەوەی بواری سیاسی لە بواری تایبەتی هێنایە پێشی و بەمشێوەیە بنەمای مۆدێرنەی سیاسی بە پیشاندانی ماوەی نێوان دەوڵەت وتاک بە دوو بەشەوە هێنایە

پێشەوە:لە لایەکەوە تاکەکان مافە سروشتیەکانی خۆیان دەپارێزن وکارکردنی دەوڵەت کۆنترۆڵ دەکەن لە لایەکی تریشەوە بواری تایبەتی چیدی وەک (سپۆونزا)بیری لێدەکردەوە،بۆ بیرکردنەوە کورت نابێتەوە ،بەڵکو مولکایەتی ودینیش دەگرێتەوە،ئاشکرایە ئەم تێروانینە لە چاو تێروانینی هۆبزدا تازەیە لێرەدا دەکرێت لوک بە سەرچاوەی مافەکانی مرۆڤ بزانرێت چونکە ئازادی بیروراو ویژدان و مەزهەب ودین،مافی مولکایەتی ومافی بەرەنگاری ستەمکاران راگەیاند.نیوسەدە پاش لوک ( مۆنتسکیۆ)ش بە گرتنی رێگەگەلێکی دی دەستی کردبە زەمینەی خۆشکردن بۆمۆدێرنەی سیاسی.

یەکێکی تر لە تیۆرە ناودارەکانی جۆن لوک بریتییە لە لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.لێکجیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، راپەراندن، دادوەری کە ئەمرۆ بنچینەی حکومکردنی زۆربەی دەوڵەتەکانە، هێزی یاسادانان:کەناوەندی دانانی یاسا وسەرچاوەی دیاری کردنی و دانانی دیسپلین ونەزم وچاودێری کردنیەتی.

هێزی جێبەجێکردن:سەرەرای وەئەستۆگرتنی بەرێوەبریتی کۆمەڵگا ،بە کردەوە بەرپرسێتی (داد)یشی لە ئەستۆدایە هێزی دادوەری دواتر لە شێوەی هێزێکی سەربەخۆ لە هێزەکانی یاسادانان و جێبەجێکردندا ناسرا.

هێزی فیدراتیڤ:کە کاری رێکخستنی پەیوەندی وڵات لەگەڵ دەرەوەو بەرێوەبردنی کاروباری نێونەتەوەیی لە ئەستۆدایە.

بەشێوەیەکی گشتی تیۆرو بیروراکانی جۆن لوک کاریگەری زۆری هەبووە نەک تەنیا لە کاتی خۆی و خۆرئاوا، بەڵکو لەسەر تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی بایەخی خۆی هەبووە و هەیە. تیۆرە کۆمەڵایەتی وسیاسییەکانی کاریگەری هەبووە لەسەر کۆرە سیاسییەکانی بەریتانیا و هەروەها زۆربەی بیرمەندە کۆمەڵایەتیەکانی دوای خۆی وەک (ڤۆڵتێر،جان جاک رۆسۆ،مۆنتسکیۆ).دەتوانین لە دەستوری وڵاتانی وەکو فەرەنسا ، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو بەریتانیادا بنچینەی بیروراکانی لوک بەدی بکەین.تەنانەت لەسەردەمی خۆشیدا رۆڵی هەبووە لەسەر شۆرشی ئەمریکا.بیرمەندێکی وەک ڤۆڵتێر لە بارەی جۆن لوکەوە دەڵێت رەنگە تاوەکو ئێستا کەسێک لە دایک نەبووبێ بەقەد جۆن لوک کەسێکی داناو میتۆدی و لۆژیکی وعەقلانی وووردبین بێت،جۆن لوک کەسێکە بە تەنیا پشت بە ئەبستراکت نابەستی بەڵکو واقیعیانە پشتدەبەستی بەئەزموون و پراکتیک و هەستیاری ،هەر لە بارە ی لوکەوە دەڵێت من گەرامەوە لای جۆن لوک هەر وەک چۆن منداڵ دەگەرێتەوە لای باوکی.

**سەرچاوەکان:**

١-د.مایکل هارت،کتێبی ١٠٠ و: ئە سعەد قەرەداغی، ل ١٠٨ ١٢.

٣-محمد خاتمی، لە دنیای شارەوە تا شاری دنیا وەرگێرانی: مەلا رەشاد ، ل١٩٢.

٤-د. کمال پۆلادی،هزری سیاسی لە خۆرئاواو: ئازاد وەلەدبەگی و....،ل٥٩،٦١،٦٣.

٥-مۆریس باریە ،سەردەم (٥٠) ،و:رێبین هەردی،لا ٤٣ ،٤٥.

٦-یاسین سابیر،ئینیسکلۆپیدیای گشتی، ل٩٥٠.

٧-د. ئەحمەد نەقیب زادە،پێشە کیەک لەسەر کۆمەڵناسی سیاسی، و: مەسعود رەواندۆست،ل ١٦١ .